قوباد تالەبانی جێگری سەرۆک وەزیرانی هەرێم پێشوازی لە ستیڤن هیچن باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق کرد

قوباد تالەبانی، جێگری سەرۆک وەزیرانی هەرێم پێشوازی لە ستیڤن هیچن، باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق کرد و لە کۆبوونەوەی نوێنداندا پرسی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان و پێوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغداد و چەند پرسێکی دیکەی جێگای بایەخی هەردوولا تاوتوێ کران.

لە کۆبوونەوەکەدا کە ئەمڕۆ لە هەولێر بەڕێوەچوو و تێیدا جێمس گێدمان، کونسوڵی گشتیی بەریتانیا لە هەرێم ئامادەی بوو، قوباد تالەبانی جەختی لە بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان لەو وادەیەی کە لایەن سەرکایەتیی هەرێمەوە دیاریکراوە کردەوە.

سەبارەت بە پێوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغداد، جێگری سەرۆک وەزیرانی هەرێم ئاماژەی بۆکرد، هەوڵکان بۆردەوامن بۆ ئاستەی چارەسەرکردنی کێشەکان و بۆ تایبەتیش چارەسەرکردنی کێشەی بودجە، جەختیشی لەوە کردەوە، هەموو هەوڵکیان بۆ ئەوەیە کێشەی بودجەی هەرێم و مووچەی فەرمانبەران بۆ شەوێکی بنەڕەتی چارەسەر بکەن.

هەر لە کۆبوونەوەکەدا قوباد تالەبانی سوپاسی بەریتانیای کرد بۆ هاوکارییەکانیان بۆ هەرێمی کوردستان و بۆ تایبەتیش لە هەوڵکانیان بۆ دروستکردنی لێکتێگەیشتنی زیاتر لە نێوان هەرێم و بەغداد.